# هەواڵ هەواڵ

## منداڵێک لە ئاوەڕۆدا بزر دەبێ

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٧ منداڵێکی تەمەن ٥ ساڵ بەناوی (ئەنەس حاتەم )، دانیشتووی گوندی تووڕەقی نزیک شاری هەولێر کە ئێستا پێوانەی گەڕەکێکی ناپاسایی بۆ دەکرێ دەکەوێتە ناو ئاوەڕۆ و بزر دەبێ. شیاوی گوتنە کە ئاوەڕۆی شاری هەولێر بە کراوەیی بەو گوندەدا تێپەڕ دەبێ،ئەمەش گرفت و ئاستەنگی بۆ خەڵکی گوندەکە دروست کردووە ، لەکاتی هاویندا بۆنێکی ناخۆشی هەیە و دەبێتە ئەگەری ڕووداوی کارەساتی دڵتەزێن ، لە زستانیشدا بەهۆی ئاوی بارانەوە هەڵدەستێ و شینکاوو چڵپاوێکی ناخۆش دروست دەکات .

ئەو گونده زۆر لە هەولێر نزیکە ، بۆیە ئێستا خەڵکێکی زۆری هەژار ڕوویان تێکردووەو خانووی لێ دروست دەکەن ، یان لەوێ خانوو بەکرێ دەگرن ، وەکو شارڕۆچکەیەکی بێبەرنامە و دوور لە خزمەتگوزاری لێهاتووە .

## لە پۆلیسێکی هاتوچۆ دەدرێ

کوردستان ئۆن لاین : ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٦ لە شەقامی ئیسکانی شاری هەولێر بەرپرسێکی سەربازی بە ناوی ( ف . م )بەبەرچاوی خەڵکەوە لە ئۆتۆمۆبیلەکەی دێتەخواری و پۆلیسەکێکی هاتوچۆ کە ناوی ( ک .م)بوو، لە کاتی دەوامی فەرمی خۆی دابوو، بەرشەق دەدات .

پۆلیسەکەی هاتوچۆ بە پەیامنێری کوردستان ئۆن لاینی گوتوە کە بۆیە بەرپرسەکە لێیداوە چونکە پێمگوتووە سەرپێچی هاتوچۆت کردووە .

## ورمێ : ٦ بڵاوکراوەی فێرخوازان ڕادەخرێن

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەش بڵاوکراوەی زانستگەی ورمێ کە بە زامنی کوردی و فارسی و ئازەری دەردەچوون ، داخراون .

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە بڵاوکراوەکان بریتی بوون لە : مانشێت ، تریفە ، هەناران ، ئۆیانش ، زاشیل ، کەشاوەرزی جەوان . ئەو بڵاوکراوانە بە تۆمەتی ئەوەی بیری نەتەوەیی و هزری چەپگەرایی بڵاودەکەنەوە ، بڕیاری داخستنیان دراوە .

## کەسێک باوکی خۆی دەکوژێ

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٠ کەسێکی دانیشتووی شاری بیارە باوکی خۆی دەکوژێ. بەگوێرەی هەواڵ باوکەکە نیازی هەبووە ژنێکی دیکە بهێنی، بەڵام کوڕەکە ناڕازی بووە، بەمەش کێشە و ناکۆکی لە نێوانیاندا پەیدا دەبێ، باوکەکە پێداگری دەکات، کوڕەکەش توڕە دەبێ و تەقە لە باوکی دەکات و برینداری دەکات، لەبەر سەختی برینەکەی گیان لەدەست دەدات و بکوژەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ .

## لاوێک بە چەقۆ لێی دەدرێ

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٥ لە ئاکامی دەمەقاڵی لەنێوان دوو لاوی شاری مەخمور، یەکەمیان بە ناوی ( ک. ک) بە چەقۆ هێرش دەکاتە سەر لاوەکەی دیکەو پێنج چەقۆی لێدەدات و بە سەختی برینداری دەکات، بەوهۆیەوە بە پەلە ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ. ئەوەی شیاوی باسە هەردەمودەست تاوانبارەکە دەستگیر دەکرێ. هەندێک لەوانەی کە لەنزیکەوە ئاگایان لە ڕووداوەکە بووە، دەگێڕنەوە کە ئەو لاوە حەبخۆر بووە و لە کاتی مەستیدا بە چەقۆ هێرشی کردۆتە سەر برادەرەکەی خۆی و برینداری کردووە. بەگوێرەی زانیاریەکان ئێستا دیاردەی حەبخواردن و بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر لەنێو لاوانی شارەکانی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو لە زیادبوون دایە، تا ئێستا دەیان کەس گیرۆدەی ئەو پەتایە بوونە و ڕۆژانەش کارەساتی خراپی لێدەکەوێتەوە .

## پردێ : تەرمێک دەدۆزرێتەوە

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٢ لە نێو ڕووباری پردێ تەرمی گەنجێک دۆزرایەوە کە بە شێوەیەکی ئەوتۆ تێکچووبوو نەدەناسرایەوە. پۆلیس وا مەزەندە دەکات کە چەند ڕۆژ پێشتر خنکابێ و بەهۆی مانەوەی لەنێو ئاوەکەدا جەستەی تێکچووبێ. بەگوێرەی گوتەی ئەوانەی تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە هیچ ناسنامەیەکی لەگەڵدا نەبووە، بەمەش ناسینەوەی بەزەحمەت دەکەوێ .

## هەولێر: ژنێک دەسووتێ

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٢ ژنێکی دانیشتووی شاری هەولێر بە ناوی ( ش . ع )گالۆنێک نەوت بە جەستەی خۆی دادەکات و ئاگر لە خۆی بەردەدات، بەو هۆیەوە بە ڕێژەیەکی زۆر دەسووتێ و ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی دەکرێ، دوای ٣ ڕۆژ گیانی لەدەست دەدات. بەگوێرەی هەواڵەکان ئەو ژنە مامۆستابووەو کچی دەوڵەمەندێکە و چەند مانگێکە شووی کردووە، ڕۆژێک بەرلەجەژن لەگەڵ مێردەکەی دەچێ بۆ بازاڕ، بەڵام لەبەرنەبوونی مێردەکەی ناتوانێ خواستەکانی بۆ جێبەجێ بکات، بەمەش دەمەقاڵێ لەنێواندا دروست دەبێ، قوربانیەکە تووڕە دەبێ و کۆنترۆڵ لەدەست دەدات، لەداخانا گالۆنێک نەوت بەسەرخۆی دادەڕژێنێ و ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات.

## چوارقوڕنە : دروستکردنی بینایەک گرفتی لێدەکەوێتەوە

لەم دواییانەدا لەسەر زەوی جووتیاراندا بینایەکی گەورە بۆ هێزەکانی ئەمریکا دروستکراوە، بەمەش گرفت و ئاڵۆزی لەنێوان کاربەدەستانی شارەکە و جووتیاران دروست بووە، خاوەن زەویەکان داوای قەرەبوو دەکەن و بەرپرسانیش وەڵامیان نادەنەوە، بەو هۆیەوە خاوەن زەویەکان سکاڵای خۆیان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بەرزکردۆتەوە و داواشیان لە ئەمریکیەکان کردووە کە وەڵامیان بدەنەوە، بەڵام سەرباری ئەوەشەوە هێشتا هێزەکانی ئەمریکا داوای زەوی زیاتر دەکەن. خاوەن زەویەکان خۆیان بە ستەملێکراو دەزانن و هانای خۆیان بۆ لایەنە خێرخوازەکان دەبەن و خوازیارن کە فریایان بکەون و مافیان بۆ وەربگرنەوە.

## چەند قەشەیەکی سویدی داوا دەکەن ئەنفالکردنی کورد بە جینۆساید بناسێنرێ

ناوەندی چاک : دوای ئەوەی ناوەندی چاک کەمپێنێکی بەمەبەستی ناساندنی شاڵاوی ئەنفال بە جینۆساید لە وڵاتی سوید سازکرد و دیدارو کۆبوونەوەیان لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستا و فێرخوازانی زانستگە پێکهێنا ، چاویان بە دەیان قەشەی ئەو وڵاتە کەوت ، قەشە ( بریتا بۆلمانێس ) لە شاری (تیبرۆ) پاش ئەوەی یاداشتەکەی ناوەندی چاکی خوێندەوە ، بڕیاری دا کە هاوسۆزی لەگەڵ قوربانیانی شاڵاوی ئەنفال بنوێنێ و پشتگیری لەو کەمپینە بکات کە بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید بەڕێوەدەبرێ . قەشە بریتا داوای لە هاوڕێکانی خۆی کردووە کە پشتگیری لەم کەمپینە بکەن، هەروەها داوای لە ناوەندی چاک کردووە کە یاداشتنامەکە بۆ قەشەی کەنیسەکانی دیکەی سوید بنێرن تا ئەوانیش ئیمزای بکەن.

## کۆچی لاوان درێژەی دەبێ

بەگوێرەی زانیاریەکان ڕۆژانە دەیان لاوی کوردستان ڕێگەی قاچاغ دەگرن، لە سنوور ئاودیو دەبن و بەرەو هەندەران سەری خۆیان هەڵدەگرن. لێشاوی کۆچی لاوانی کوردستان هەڕەشەیەکی ئاشکرای لەسەر داهاتووی کوردستان پێکهێناوە، لەلایەکەوە سەرهەڵگرتووان دووچاری دەیان کارەساتی دڵتەزێن دەبنەوە و زیانێکی گەورەی مادی بە خۆیان و بنەماڵەکانیان دەگەیەنن، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژانە دەیانیان لە لایەن هێزەکانی تورکیا و ئێرانەوە دەگیرێن و دیپۆرت دەکرێنەوە. بەگوێرەی سەرچاوەکانی پۆلیس ئەوانەی کە دیپۆرت کراونەتەوە تەمەنیان لەنێوان ١٧ تا ٢٥ ساڵی بووە، منداڵ و ژنیشیان لەگەڵ دابووە .

## لافاوەکەی سەروچاوە زیانی لێدەکەوێتەوە

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٦ لە ئاکامی بارانی زۆرەوە لافاوێکی گەورە شارۆچکەی سەروچاوە و گوندەکانی دەوروبەری گرتەوە و زیانی ١٠ ماڵ گەیاند. بەهۆی ئەو لافاوەوە بەردی زۆر لە چیاکانەوە هاتنە خوارو ڕێگەی نێوان حاجیاوا و سەروچاوەیان داپۆشی، بەمەش ڕێگەکە بۆ ماوەیەک داخرا.

ئەوەی شیاوی باسە سااڵنە بەهۆی بارانەوە زیانێکی زۆر بە خەڵکی کوردستان دەگات، هۆکارەکەشی بۆ خراپی زێراب و ئاوەڕۆکان دەگەڕێتەوە، لەو پێوەندییەدا خەڵکی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی شارەوانی بە بەرپرسیار دەزانن و داوا دەکەن کە قەربوویان بکرێتەوە.

## عەنکاوە : فڕگەی نوێ زیان بە جووتیاران دەگەیەنێ

هەواڵەکان: بەهۆی دروستکردنی فڕگەی نوێی هەولێر زیان بە جووتیارانی شارۆچکەی عەنکاوە گەیشتووە، بەو هۆیەوە هەزاران دۆنم زەوی لە جووتیاران سەندراوەتەوە و بۆ دروستکردنی ئەو فڕگەیە تەرخان کراوە. تەرخانکردنی ئەو زەویانە هیچ پێوانەیەکی قەرەبووکردنەوەی بۆ نەکراوە، بەمەش لەگەڵ ناڕەزایی خەڵکی عەنکاوە ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

خاوەنی زەویەکان چەندین جار سکاڵای خۆیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرز کردۆتەوە و داوایان لێکردوون کە چاوێک بەو بریارە دابخشێننەوەو زیان لێکەوتووان قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام لایەنی پەیوەندیدار خۆی بێدەنگ کردووەو وەڵامی داواکانی ئەو جووتیارانە ناداتەوە.

## شاندێکی ڕزگاریی سەردانی پارتی ئازادیی کوردستان دەکات

کاتژمێر ١٠ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٦، هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری هەڤاڵ هەژار زراری بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان سەردانی بارەگای پارتی ئازادیی کوردستانیان لە هەولێر کرد و لە لایان بەڕێزان کاک عەلی قازی محەمەد سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان و کاک حسەین یەزدانپەنا جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەجلیسی گشتی و کۆمیتەی ناوەندیی پێشوازییان لێکرا. ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا شاندی ڕزگاری پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنگرەی لە سەرکردایەتی پارتی ئازادی کوردستان کردو هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بۆ خواستن . دواتر ئاکام و ئاڵوڕەکانی کۆنگرە خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، پاشان هەردوولا پێویستی پتەوکردنی پێوەندی و ڕیزەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستانیان بە گرنگ دانا و هیوایان خواست کە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پێوەندی نێوانیان پتەوتر و ڕیزەکانیان بەهێزتر بکەن .

## سوید:
# کچێکی کورد خۆی دەکوژێ

بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٠ کچێکی کوردی کەرکوک بە ناوی ( ئا.ئی. ع )، تەمەن ١٨ ساڵ، دانیشتووی شاری بۆرلێنگەی وڵاتی سوید خۆی دەخاتە ژێر شەمەندەفەر و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ. بەگوێرەی گوتەی کەسوکاری، ئەو کچە هیچ گرفتێکی نەبووە بەڵام بەهۆی ئەوەی خوشکەکەی کێشەی خێزانی بۆ دروست دەبێ و لە شووەکەی جیادەبێتەوە، ئەو هەست بە نیگەرانی و دڵتەنگی دەکات، لەبریارێکی چاوەڕوان نەکراودا خۆی دەکوژێ. ئەو قوربانیە بەر لە خۆکوشتنی نامەیەکی نووسیوەو ساڵاوی بۆ هەموو ئەو کەسانە ناردووە کە لە ژیاندا هاوکارییان کردووە، بەڵام گلەیی لە خوشکەکەی خۆی کردووەو بەوە تۆمەتباری کردووە کە ژیانی ئەوانی تاڵ کردووە، بەهۆیەوە بڕیاری خۆ کوشتنی داوە.

## هەواڵی سەیر

* زۆرێک لە ڕگەیۆفکانی ناو کەرکوک ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە دەستی تیرۆر بیانتەقێنێتەوە. کۆمەڵێکی زۆر لە ڕخوازیۆفو مامۆستایان بەبن بە قوربانی. لەو سۆنگەیەوە ئامادەیی (ک)ی کچان لە نزیک یاریگەی شۆڕیجە ئاگاداری ڕخوازیۆفەکانیان کردۆتەوە کە ئێمە بەر پرسنین لێتان دەبێ ئاگاتان لە خۆتان بێت، چونکە هەڕەشەمان لێکراوە لەلایەن تیرۆریستانەوە، بە کاغەز فڕێدان و بە نیازن ڕگەیۆفکەمان بتەقێنەوە، بۆیە کۆمەڵێ کچ وازیان لە خوێندن هێناوەو لە ماڵ دانیشتوون.

* بەڕێوەبەری ڕگەیۆفی (س)ی ناوەندی کوران لە کەرکوک لەبەر خاتری یەک ساڵ تەمەن چەندەها خوێندکاری ئیزن داوەو دەڵێ نابێ لای من دەوام بکەن. ئێستا ڕخوازیۆفی وا هەیە بەناچاری ڕۆژانە لە کەرکوکەوە دێن بۆ قەرەهەنجیر دەوام دەکەن. سەیرەکە لەوەدایە هەردوولا هەر سەر بە کەرکوکن، بەڵام ئەو برادەرە دیارە حەزی لە ئیزعاج کردنی کوردە لە شارەکە.

* پیاوێکی گۆڕهەڵکەن لە کەرکوک گۆڕێک دەدا بە (٢٥٠ هەزار) دینار لەم چەند ڕۆژەدا دایک و کچێک بە تەقینەوە شەهید دەبن، داوای نیو ملیۆن دەکات لە کەس و کاریان بۆ دوو گۆڕ دوای ڕچاو تکایەکی زۆر (٤٥٠ هەزار)ی لێیان وەرگرتووە، بەم حاڵە بێت پارچەزەویەکی ٢٠٠ مەتری سێ و چوار دەفتەر دەکات. باشە دەبێ دەسەڵاتی پارێزگاری کەرکوک و شارەوانی شار بەم حاڵەتە نەزانن؟.

* کاک (بە...) بڕی ٣ دەفتەر دۆلاری حەواڵەکرد بۆ بەغداد بەمەبەستی بازرگانی، بەڵام کاتێ دەچێتە نووسینگەکە لە بەغداد، وادەزانێ چووتە ناو مەخفەری پۆلیس و ئاسایشەوە، چونکە هەمووی بە گونیە خۆڵ دەور گیراوەو تەنها یەک پەنجەرەی بچووک نەبێ بۆ وەرگرتنی پارەکان، ناوچەکەش خەڵکیکی زۆری دزوجەردەی لێ بووە، بۆیە لە ترسان پارەکەی وەرنەگرتووەو ئەوەندەی دیکە کرێی داوە هەتا بۆی حەواڵە بکەنەوە بۆ کەرکوک.

* بەنزینخانەی (ع. ش) لە چەمچەماڵ ڕۆژێک پێش جەژن دایخست و وتی: دوای جەژن بێنەوە، حەرەسەکەشی دەیوت ئێوارە تەنکەرەکەیان بەتاڵ کردووە ئەی بە کێی دەدەن؟.

* بەڕێوەبەری ڕگەیۆفیەکی تازە کراوە کەرەسەی ڕگەیۆفکەی بە ئۆتۆمۆبیلی پەروەردەی چەمچەماڵ گواستەوە، بەڵام بە کرێیەکی کەمتر لە بازاڕ. دیارە بۆ مامۆستا بە نرخێکی داشکاوە.